EAST GATE
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

دەرگای ڕۆژهەڵات
بۆ توێژینەوەی ئابووری
و لێکۆڵینەوەی بازاڕ

# فێرکردن و وەبەرهێنان
## لە عێراقدا




**ئامادەکردنی**

تیمی توێژەرانی ناوەندی
دەرگای ڕۆژهەڵات

**بە سەرپەرشتیی**

د . ئیبراهیم ئەدیب ئیبراهیم
گەورەتوێژەرانی ناوەندی دەرگای ڕۆژهەڵات



**بڵاوبوونەوە**

کانونی دووەم 2023

# فێرکردن و وەبەرهێنان

لە عێراقدا

# ناوەڕۆک


| تەوەرەکان | لاپەڕەکە |
|---|---|
| ناوەڕۆک | 03 |
| فێرکردن و وەبەرهێنان لە عێراقدا | 04 |
| یەکەم- پێنوێنەکانی فێرکردن لە عێراق بۆ ماوەی 2019-1971 | 04 |
| دووەم: پێنوێنی وەبەرهێنانی ناوخۆیی | 06 |
| گرنگیی ڕێژەیی کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر بەپێی چالاکییە ئابوورییەکان و جۆری کەرت بۆ ساڵی 2019 | 08 |
| بەراوردکردنی گرنگیی ڕێژەیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر و گرنگیی ڕێژەیی ئەو پسپۆڕییانەی وەرگیراون بۆ خوێندنی باڵا لە عێراق بۆ ساڵی 2019 | 10 |
| دەرەنجامەکان | 13 |
| ڕاسپاردە و پێشنیارەکان | 14 |

# فێرکردن و وەبەرهێنان لە عێراقدا

فێرکردن و وەبەرهێنان دوو پایەی بنەڕەتیی گەشەکردنی ئابوورین؛ لە میانی هەردوو ئاماژەدا لە عێراقدا، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە قەبارەی هەلی لەدەستچوو لە سەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و لە چل ساڵی ڕابردوودا چەند بووە. لەو ماوەیەدا وڵات دووچاری شەڕی دەرەکی و ناوخۆیی بووەتەوە و بووە هۆی لەبەرڕۆیشتنی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکات، بۆیە لە جیاتی ئەوەی پێنوێن و ئاماژەکانی فێرکردن و وەبەرهێنان لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی لە بەرزبوونەوەدا بن، بۆ ئاستێکی زۆر نزم لەڕووی هەرێمی و جیهانییەوە دابەزی. ئەوە بووە هۆی بۆشاییەکی زۆر گەورەی گەشەپێدان لەنێوان ئەو وڵاتە و وڵاتانی گەشەکردوو و وڵاتانی گەورە. ئەوەش بووبە هۆی ئەوەی نەوەیەکی تەواو سامانی گەشەکردوویان لەدەستبدەن کە دەبوو بەرەو ئاستێکی باڵا لە بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی زانستی بیانگوازێتەوە. هەربۆیە ئەمڕۆ لە نزمترین پێگەی پێشکەوتنی مەعریفی و ئابووریدا دەژین، بەجۆرێک بەراورد بە نەوەی ڕابردوو زۆر لەپاشترن، ئەوەش بە تەواوی پێچەوانەی تیۆرە ئابوورییەکانی گەشەکردنی ئابوورییە.

نزمبوونەوەی ئاستەکانی خوێندن بە خوێندنی باڵاشەوە، هاوشانی نزمیی سەقامگیریی سیاسی لە وڵاتدا، بەشداری لە دابەزاندنی ناوەندی داهاتی وەبەرهێنانی تاکەکەس کردووە، کەواتە کێ وەبەرهێنان لەگەڵ تاکێکدا دەکات کە فێرکردن و زانین و بەرهەمهێنانی ئاوا نزم بێت؟ وە کێ لە سایەی ئەو بارودۆخە ناسەقامگیر و شڵەژاوە وەبەرهێنان دەکات. هەروەها خێرایی گەشەپێدان لە وڵاتدا بە بەراورد بە وڵاتانی گەشەکردوو و پێشکەوتوو زۆر هێواشە؛ ئەمە سەرباری سەرچاوەی گەورەی بەدەستهاتوو لە قازانجی فرۆشتنی نەوتدا. وڵات تا ئێستا دوورە لە ئاستی ئابووریی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا. ئەمەی خوارەوەش ڕوونکردنەوەیە بۆ پەرەپێدانی ڕێڕەوی فێرکردن و وەبەرهێنان لە عێراقدا.

## یەکەم- پێنوێنەکانی فێرکردن لە عێراق بۆ ماوەی 1971-2019

عێراق داتای لەسەر پێوەرەکانی خوێندنی بنەڕەتی کەمە، کە بە ڕێژەی ناونوسکردن لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندندا نوێنەرایەتی دەکرێت، داتای ساڵانەی تەواو لەسەر ڕێژەی ناونوسکردن لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و باڵا لە ساڵی 1971 تا 1989 بەردەستە، دوای ئەم ماوەیە داتاکان کەمن و بۆ ژمارەیەکی سنووردار لە ساڵان بەردەستە، کە ڕێگە نادات بە بەکارهێنانی بۆ کردنی شیکارییەکی ستاندارد بۆ نیشاندانی کاریگەرییەکانی پەروەردە لەسەر وەبەرهێنانی ناوخۆیی.


ژمارەکانی (1) تا (3) ڕێژەی ناونوسکردن لە ئاستەکانی سەرەتایی، ناوەندی و خوێندنی باڵادا نیشان دەدەن، بە بەراورد لەگەڵ ئەو گرووپە نێودەوڵەتییانەی کە هاوشێوەی عێراقن.

### 1- کۆی گشتیی ئاستی ناونوسکردن لە خوێندنی سەرەتایی:

لە وێنەی (١)دا ڕوونە کە نیشاندەرەکانی ڕێژەی ناونوسکردن لە خوێندنی سەرەتایی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە دەوروبەری ڕێژەی ١٠٠٪ لە عێراق و باقی ئەو گرووپانەدایە. لە ماوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو ڕێژەیە کەم دەبێتەوە؛ ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە ئابوورییەی کە عێراق تێیدا بووە و تاکەکان لە ژێر ئەو گەمارۆ ئابوورییەدا دەژیان کە دوای داگیرکردنی کوێت بەسەر عێراقدا سەپێنرا.

دوایین ئاماری ڕێژەی وەرگرتنی خوێندکاران لە خوێندنی سەرەتایی لە ساڵی ٢٠٠٧دا ئاماژە بەوە دەکات کە عێراق ئاستی خوێندنی سەرەتایی لە ئاستێکدا دەپارێزێت کە کەمێک زیاترە لە ١٠٠٪.

**هێڵکاری (1):** کۆی گشتیی ئاستی ناونوسکردن لە خوێندنی سەرەتایی





سەرچاوەی زانیارییەکان: World Development Indicators WDI

## 2- کۆی گشتیی ئاستی ناونوسکردن لە خوێندنی ناوەندی:

لە وێنەی (٣)دا ڕوونکراوەتەوە کە عێراق لە ڕێژەی ناونوسکردن لە خوێندنی ناوەندیدا توانی بازدانێکی گەورە تۆمار بکات، تا ئەو کاتەی لە ساڵی 1982 ڕێژەی ناونوسکردن لە خوێندنی ناوەندی لە ئاستی جیهانی تێپەڕاند و لە ڕێژەی ٥٥% نزیک بووەوە؛ دواتر دەستی بە دابەزین کرد تا ڕێژەی ناونوسکردن لە خوێندنی ناوەندی لە ساڵی 1999 گەیشتە کەمتر لە 35%، کە کەمترین ڕێژەی تۆمارکراوی ناونوسکردنە لە خوێندنی ناوەندی. بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2007 دووبارە بەرزبووەوە و گەیشتە نزیکەی 54%.

**هێڵکاری (2):** کۆی گشتیی ئاستی ناونوسکردن لە خوێندنی ناوەندی





سەرچاوەی زانیارییەکان: World Development Indicators WDI

### 3- کۆی گشتیی ئاستی ناونوسکردن لە خوێندنی باڵا:

لە وێنەی (٣)دا ڕوونکراوەتەوە کە عێراق لە ڕێژەی ناونوسکردن لە خوێندنی ناوەندیدا توانی بازدانێکی گەورە تۆمار بکات، تا ئەو کاتەی لە ساڵی 1982 ڕێژەی ناونوسکردن لە خوێندنی ناوەندی لە ئاستی جیهانی تێپەڕاند و لە ڕێژەی ٥٥% نزیک بووەوە؛ دواتر دەستی بە دابەزین کرد تا ڕێژەی ناونوسکردن لە خوێندنی ناوەندی لە ساڵی 1999 گەیشتە کەمتر لە 35%، کە کەمترین ڕێژەی تۆمارکراوی ناونوسکردنە لە خوێندنی ناوەندی. بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2007 دووبارە بەرزبووەوە و گەیشتە نزیکەی 54%.

**هێڵکاری (3):** کۆی گشتیی ئاستی ناونوسکردن لە خوێندنی باڵا




سەرچاوەی زانیارییەکان[1]: World Development Indicators WDI

## دووەم: پێنوێنی وەبەرهێنانی ناوخۆیی:


وەبەرهێنانی ناوخۆ لە عێراق بە ناجێگیری و ناسەقامگیری لەڕادەبەدەر دەناسرێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە عێراق لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هەیبووە، بەو پێیەی پێوەرەکانی پێکهێنانی سەرمایە هەڵاوسانێکی گەورە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨١ تا ٢٠١٩ بەخۆیەوە دەبینێت؛ لەگەڵ دابەزینێکی بەرچاو لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٩، کە تێیدا شەڕی عێراق و ئێران بوو. پاشان بەرزبوونەوە لە ساڵی ١٩٩٠ ڕوویدا، لە ساڵی ١٩٩١یش بەرەو خوار سفر بەهۆی جەنگی دووەمی کەنداو دابەزی. ئەم نیشاندەرە لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦دا جارێکی دیکە بەرزبووەوە، دواتر دابەزی و لە ساڵی ١٩٩٧دا ئاستەکە لە سفر نزیک بووەوە. ئەو ماوەیەی دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی نەوت بۆ خۆراک، کە بووە هۆی زیادبوونی نرخی دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلار، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٢ و ساڵی ٢٠٠٣ دووبارە بەهۆی ڕووخانی ڕژێم و هاتنە ناوەوەی هێزەکانی ئەمریکا دابەزی. دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەرزدەبێتەوە و دواتر دادەبەزێتەوە، بەجۆرێک هەڵاوسان لەنێوان ١٠% بۆ ٢٠% تا ساڵی ٢٠١٩ بەردەوام بووە، کە لە ٢٣% تێدەپەڕێت. ئەم پشێوییە گەورەیە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی وڵاتەکەیە، و ئاماژەیەکی گەورە دەدات بە کاریگەریی سیاسەت لەسەر چالاکیی ئابووری، ئەمە لەسەر کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش وەستاوە، بۆنموونە یەکێک لەوانە فاکتەری فێرکردنە.

ئەگەر تێکڕای پشکی تاکەکەس لە کۆی پێکهاتنی سەرمایە وەربگیرێت، ئەوا پشێوییەکە نەرمتر دەردەکەوێت، بەڵام بە گشتی تێکڕای پشکی تاک لە کۆی پێکهاتنی سەرمایەی عێراق لە ساڵی 1981 لە تێکڕای ئاستی جیهانی یان تێکڕای ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا زیاتر بووە. بەڵام بەهۆی ناسەقامگیریی سیاسیی وڵاتەوە شاهیدی داکشانەوە و نزبوونەوەیەکی بەرچاوین. وە لە دوای ساڵی 2003ەوە ناجێگیرییەکان کەمیکردووە و لە ساڵی 2007ەوە تێکڕای پشکی سەرتاسەری لە کەڵەکەبوونی سەرمایە تا ساڵی 2019 دەستی بە زیادبوون کردووە.

---

[1] سەبارەت بە ساڵانی 2016-2019 زانیارییەکان بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتەکانی خوێندنی زانکۆیی و تەکنیکی لە عێراق خەمڵێندراوە، کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژنەوەی زانستی/ فەرمانگەی توێژینەوە و پلاندانان و بەدواداچوون/ بەشی ئامار، دەرچووە. داتای ژمارەی خوێندکارانی بەشداربوو لە تاقیکردنەوەی کۆتایی لە خوێندنی هەموو زانکۆ و کۆلێژە ئەهلییەکان (بەدەر لە هەرێمی کوردستان) وەرگیراوە. وە بەسەر ژمارەی دانیشتوان لە تەمەنی نێوان 24-20 ساڵی لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکانی عێراق (بەدەر لە هەرێمی کوردستان) دابەش کراون.


## هێڵکاریی (4): تێکڕای پێکهێنانی سەرمایە بە ڕێژەیی لەگەڵ بەرهەمی گشتیی ناوخۆیی




سەرچاوەی زانیارییەکان:[1] World Development Indicators WDI



## هێڵکاریی (5): ناوەندی پشکی تاک لە کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایە





سەرچاوەی زانیارییەکان:[1] World Development Indicators WDI

## گرنگیی ڕێژەیی کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر بەپێی چالاکییە ئابوورییەکان و جۆری کەرت بۆ ساڵی 2019:

ئابووریی عێراق بە ڕێژەیەکی زۆر پشتی بە کەرتی گشتی بۆ پرۆسەی دروووستکردنی داهات و بنیاتنانی سەرمایە بەستووە و ئەمەش لە گرنگیی ڕێژەیی کەرتی گشتی لە پرۆسەی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیردا دیارە، کە بەشداریکردنی لە پێکهێنانی سەرمایەی جێگیردا لە ساڵی 2019 گەیشتە 79% و بۆ کەرتی تایبەتیش گەیشتووەتە 21%. هەروەها پیشەسازیی نەوتی خاو زۆرترین پشکی وەبەرهێنان لە کەرتی گشتیدا بەدەست دەهێنێت، بەو پێیەی پشکی لە پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر لە ساڵی 2019 گەیشتە 54%، بەرانبەر بە 46% بۆ باقی کەرتەکانی دیکە. لە پێشیانەوەش خزمەتگوزارییەکان وەک تەندرووستی، پەروەردە، کارەبا و خزمەتگوزارییەکانی ئاوە. دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ وێنەی (7) بۆ زانینی گرنگیی پێکهاتنی ڕێژەیی سەرمایەی جێگیر بەپێی چالاکییە ئابوورییەکان لە کەرتی گشتیدا.


سەبارەت بە کەرتی تایبەت، وەبەرهێنانەکانی لە کەرتی خاوەندارێتیی خانووبەرەدا چڕ بوونەتەوە کە 51%ی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیری پێکهێناوە، لەکاتێکدا 49% بۆ باقی کەرتەکانی دیکە بووە. لە پێشەنگی ئەو کەرتانەش کەرتی پیشەسازییە گۆڕاوەکانە بە ڕێژەی 20% و کەرتەکانی گواستنەوە و پەیوەندی و بەکۆگاکردن بە ڕێژەی 14%، پاشان بازرگانیی جوملە و تاک، چێشتخانە، هۆتێل و هاوشێوەکانی بە ڕێژەی 10% بووە. دەتوانین بۆ گرنگیی ڕێژەیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر بەپێی چالاکییە ئابوورییەکان لە کەرتی تایبەتدا، وێنەی (8) سەیر بکەین.

**هێڵکاریی(6):** گرنگیی ڕێژەیی کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر بەپێی چالاکیی ئابووریی کەرتی گشتی بۆ ساڵی 2019




سەرچاوەی داتا: وەزارەتی پلاندانان، کۆماری عێراق، دەزگای ناوەندیی ئامار، خەملاندنی ڕاستەقینەی کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر لە عێراق بۆ ساڵی 2019


**هێڵکاری(7):** گرنگیی ڕێژەیی کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر بەپێی چالاکیی ئابووریی کەرتی گشتی بۆ ساڵی 2019




سەرچاوەی داتا: وەزارەتی پلاندانان، کۆماری عێراق، دەزگای ناوەندیی ئامار، خەمڵاندنی ڕاستەقینەی کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر لە عێراق بۆ ساڵی 2019



**هێڵکاریی(8):** گرنگیی ڕێژەیی کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر بەپێی چالاکیی ئابووریی کەرتی گشتی بۆ ساڵی 2019




سەرچاوەی داتا: وەزارەتی پلاندانان، کۆماری عێراق، دەزگای ناوەندیی ئامار، خەمڵاندنی ڕاستەقینەی کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر لە عێراق بۆ ساڵی 2019

# بەراوردکردنی گرنگیی ڕێژەی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر و گرنگیی ڕێژەیی ئەو پسپۆڕییانەی وەرگیراون بۆ خوێندنی باڵا لە عێراق بۆ ساڵی 2019

هەرچەندە هیچ سیاسەتێکی ڕاگەیەندراو بۆ خوێندنی باڵا یان وەبەرهێنان لە عێراقدا نییە، بەڵام دەکرێت لەسەر سیاسەتی خوێندن و سیاسەتی وەبەرهێنان لە عێراق بوەستین، ئەوەش لە میانی بەراورد لەنێوان گرنگیی ڕێژەیی بوارەکانی وەبەرهێنان (وەک ئەوەی نوێنەرایەتیی سیاسەتی وەبەرهێنانی حکومەت دەکات) لەلایەک، وە لەلایەکی دیکەوە گرنگیی ڕێژەیی پسپۆڕییەکانی ئەوانەی لە خوێندنی باڵا وەرگیراون (وەک ئەوەی نوێنەرایەتیی سیاسەتی پەروەردەیی حکومەت دەکات). لە وێنەی (٩)دا ئەمە خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:

1- کەرتی نەوت و کانزاکان هاوتای 43%ی پێکهاتنی سەرمایەی جێگیرە، لەکاتێکدا ڕێژەی وەرگرتن لە پسپۆڕییەکانی پەیوەست بە چالاکییەکانی نەوت (وەک ئەندازیاری نەوت و بەڕێوەبردنی پیشەسازیی نەوت) نزیکە لە سفر، لەکاتێکدا ڕێژەی وەرگرتن لە کەرتی نەوت دەتوانێت سوود لە دەرئەنجامەکانی پەروەردە وەربگرێت، کە دەتوانێت دراوی ڕەق بۆ وڵات دابین بکات، لەبری ئەوەی بۆ کۆمپانیا و شارەزاییە بیانییەکان بچێت.

2- ئەوانەی لە کەرتی تەندرووستی و پەروەردە وەرگیراون، 42%ی ئەو کەسانە پێکدەهێنن کە بۆ ساڵی 2019 لە خوێندنی باڵا وەرگیراون، هاوکات پێکهێنانی سەرمایە لە کەرتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە خزمەتگوزاریی تەندرووستی و پەروەردە و ئەوانی دیکە لەخۆدەگرێت، لە 16%ی کۆی گشتی سەرمایەی جێگیرکراو پێکدێنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر بەرهەمهێنانی کرێکارانی ئەم کەرتانە دەبێت کە دامەزراوە تەندرووستی و پەروەردەییەکان قەرەباڵغ دەکەن، لەگەڵ کەمیی ئامێر و سامان کە پێویستیانە، تا بەرپرسیارێتییەتییەکانیان بە شێوەیەکی کارا و بەرهەمدار ئەنجام بدەن.


3- پێکهێنانی سەرمایە لە کەرتی پیشەسازیی گۆڕاو تەنیا 6% پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەوانەی لە پسپۆڕییە ئەندازیاری و تەکنیکییەکان وەرگیراون کە دەتوانن لەم کەرتەدا کاربکەن 17%یە و ئەمەش بەو مانایەیە کە زیادەی ئەندازیار و تەکنیککار هەیە کە لە بوارەکانی پسپۆڕی پیشەیی و بەگەڕ نەخراون و دانەمەزراون.

4- وەرگرتن لە پسپۆڕییەکانی کارگێڕی و ئابووری 11%ی کۆی وەرگرتنی خوێندکاران بۆ خوێندنی باڵا لە ساڵی 2019 لە عێراق پێکدەهێنێت، هاوکات بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو کەرتانەی گونجاون بۆ دەرچووانی ئەو پسپۆڕییانە وەک: بانک و بیمە و بازرگانی و گەشتوگوزار، پێکهێنانی سەرمایەی جێگیریان نییە لە ساڵی 2019دا کە پێکهاتنی سەرمایەی جێگیر لە 3%ی کۆی بەهاکە زیاتر نییە و ئەمەش زیادەیەکی گەورە لە خاوەن بڕوانامەی کارگێڕی و ئابووری سەبارەت بە پێویستیی وەبەرهێنانی ناوخۆیی درووست دەکات.

5- هەروەها لاوازییەکی بەرچاو لە پێکهاتنی سەرمایەی ماددی و مرۆیی لە کەرتە ستراتیژییەکانی وەک کەرتی کشتوکاڵدا هەیە، سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی کشتوکاڵی زۆر لە وڵاتدا هەیە، پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر لە کەرتی کشتوکاڵدا لە 1% تێناپەڕێت لە کۆی گشتیدا، وە ڕێژەی سەدیی ئەوانەی وەرگیراون لە پسپۆڕییەکان کە خزمەت بەم کەرتە دەکەن لە 4% زیاتر نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی ئەم کەرتە گرنگ و ستراتیژییە لە ماوەی مامناوەند و درێژخایەندا، بەهۆی دووریی سەرمایەی ماددی و مرۆیی بۆ وەبەرهێنان لەو کەرتەدا.


6- 24%ی ئەوانەی لە خوێندنی باڵا وەرگیراون لە ساڵی 2019 خەریکی بوارەکانی زانستە مرۆییەکانن و ئەم جۆرە کۆلێژانە، بەتایبەت زانستە مرۆییەکان لە پرۆژەی وەبەرهێنانی تایبەتدا دەستکەوتنی کاریان قورسە، چونکە دەرئەنجامی ئەو خوێندنانە پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە بە گشتی هەیە و سروشتێکی کۆمەڵایەتیی گشتی هەیە. دەرچووانی زانستە مرۆییەکان دەتوانن سەرقاڵی چالاکییەکانی توێژینەوە بن و ئەم بەشانەش دەکرێت لە لایەن ناوەندەکانی توێژینەوە و خوێندنەوە بەگەڕبخرێن کە بۆ کۆمەڵگە گرنگە، بەڵام ڕەنگە لە ڕوانگەی پرۆژەی وەبەرهێنانی تایبەتەوە گرنگ نەبن، بۆیە ئەو کەمییە لە ناوەندەکانی توێژینەوە و خوێندن و چالاکییە لاوازەکانی توێژینەوە دەبێتە هۆی کەمیی سوودوەرگرتن لە دەرچووانی کۆمەڵایەتی و زانستە مرۆییەکان.

**هێڵکاریی (9 - أ):** گرنگیی رێژەی کۆی گشتی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر بەپێی چالاکیی ئابووری لە ساڵی 2019




سەرچاوەی داتا: وەزارەتی پلاندانان، کۆماری عێراق، دەزگای ناوەندیی ئامار، خەمڵاندنی ڕاستەقینەی کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر لە عێراق بۆ ساڵی 2019

**هێڵکاریی(9 - ب):** گرنگیی رێژەی پسپۆڕییە پیشەییەکان کە لە خویندنی باڵای عێراق لە ساڵی 2019 وەرگیراون 2019




سەرچاوەی داتا: وەزارەتی پلاندانان، کۆماری عێراق، دەزگای ناوەندیی ئامار، خەمڵاندنی ڕاستەقینەی کۆی گشتیی پێکهێنانی سەرمایەی جێگیر لە عێراق بۆ ساڵی 2019

پیشەکانی پەیوەست بە خزمەتگوزاریی تەندروستی بریتین لە فاکەڵتیی پزیشکی، پزیشکیی ددان، پەرستاری، کۆلێژی تەکنیکیی پزیشکی. سەبارەت بەو کۆلێژانەی پەیوەندییان بە خزمەتگوزاریی پەروەردەوە هەیە، فاکەڵتی پەروەردە لە بەشە جیاوازەکاندا لەخۆدەگرێت. پسپۆڕییەکانی کارگێڕی و ئابووری پەیوەندیدارن بە فاکەڵتیی کارگێڕی، ئابووری، گەشتیاری، بازرگانیی ئابووری، کۆلێژ و پەیمانگا تەکنیکییە کارگێڕییەکان. پسپۆڕییەکانی ئەندازیاری و تەکنیکی پەیوەستن بە فاکەڵتی ئەندازیاری، کۆلێژ و پەیمانگای تەکنیکی، لە بەشە جیاوازەکاندا جگە لە کشتوکاڵ و نەوت.

زانستە مرۆییەکان بریتین لە فاکەڵتیەکانی یاسا، ئەدەب، زمان، زانستی سیاسی، میدیا، شوێنەوار و زانستە ئیسلامییەکان. زانستە سرفییەکان فاکەڵتی زانست لە بەشە جیاوازەکاندا لەخۆدەگرێت. هەروەها هونەر فاکەڵتی هونەر لەخۆدەگرێت. پسپۆڕییەکانی نەوت و کانزاکان بریتین لە ئەندازیاریی نەوت و بەڕێوەبردنی پیشەسازیی نەوت. لە کۆتاییدا پسپۆڕییە کشتوکاڵییەکان، فاکەڵتی کشتوکاڵیی ئەندازیاریی کشتوکاڵی و پزیشکیی ڤێتێرنەری لەخۆدەگرێت. کە گرنگییەکی ڕێژەیی ئەو پسپۆڕیانەی پێشتر باسکراون هەژمار کراوە بە وەرگرتنی کۆی گشتیی خوێندکارانی وەرگیراو بۆ ساڵی خوێندنی 2019/2020 لە کۆلێژەکان لە چوارچێوەی ئەو پسپۆڕییانە لە 35 زانکۆی حکومی لە پارێزگاکانی عێراق (جگە لە هەرێمی کوردستان)، و دابەشکردنی کۆی گشتیی خوێندکارانی وەرگیراو لە چوارچێوەی هەر پسپۆڕییەکدا بەسەر ژمارەی خوێندکارە وەرگیراوەکان، دابەشکراون لە هەموو ئەو پسپۆڕییانەی کە باسکراون.

## دەرەنجامەکان

1- بوونی کاریگەرییەکی ئەرێنیی بەرچاوی پەروەردە لەسەر وەبەرهێنانی ناوخۆیی، گریمانەی توێژینەوەکە پشتڕاست دەکاتەوە کە پەروەردە دوو کاریگەریی لەسەر گەشەی ئابووری هەیە: یەکەمیان ئەو کاریگەرییە ڕاستەوخۆیەیە کە لەلایەن تیۆرە ئابوورییە بچووک و گشتگیرەکانەوە تاووتوێ کراوە، کە توانای بەرهەمهێنانی هێزی کار بەرزدەکاتەوە، دووەمیان کاریگەریی ناڕاستەوخۆیە، کە تیۆرییەکان و توێژینەوە کردەییەکان پشتگوێیان خستووە، ئەویش ئەوەیە کە پەروەردە هاندەری وەبەرهێنانە لە سەرمایەی مادددیدا و ڕێژەی گەشەی ئابووری زیاد دەکات.

2- وەک چۆن پەروەردە کاریگەری لەسەر وەبەرهێنانی ناوخۆیی هەیە، وەبەرهێنانی ناوخۆییش کاریگەری لەسەر پەروەردە هەیە، پەیوەندیی نێوان پەروەردە و وەبەرهێنانی ناوخۆیی پەیوەندییەکی دینامیکی و بەردەوامە بە تێپەڕبوونی کات.

3- کاریگەریی پەروەردە لەسەر وەبەرهێنانی ناوخۆیی پێویستی بە ڕەوتێکی ڕوون و جێگیر هەیە لە پێوەرەکانی وەبەرهێناندا کە ڕێگە بە سەرمایەی مرۆیی دەدات بڕیاری دروست بدات بۆ هەڵبژاردنی بواری گونجاوی پسپۆڕیی زانستی بۆ بەدەستهێنان و گەڕانەوەی دەستکەوت لەو پسپۆڕییانەدا.

4- پەروەردە بەشدارە لە دۆزینەوەی دەرفەتی وەبەرهێنان و بڕیاردانی دروستی وەبەرهێنان.

5- بڕیاری وەبەرهێنانی ناوخۆیی بە جۆرێک یان جۆرێکی تر پەیوەستە بە بەردەستبوونی هێزی مرۆیی بە بڕوانامەی پەروەردەیی گونجاو بۆ سەرکەوتنی وەبەرهێنانەکە، ئەگەرنا ڕەنگە وەبەرهێنانەکە شکست بهێنێت بەهۆی نەبوونی شارەزایی و لێهاتوویی پێویست.

6- سەقامگیریی وەبەرهێنانی ناوخۆیی بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەستە بە بەردەستبوونی هێزی مرۆیی بە بڕوانامەی پەروەردەیی باش بۆ سەرکەوتنی وەبەرهێنانەکە، ئەگەرنا ڕەنگە وەبەرهێنانەکە بەهۆی نەبوونی شارەزایی و لێهاتوویی پێویست شکست بهێنێت.

7- کاریگەریی پەروەردە لەسەر وەبەرهێنان پێویستی بە گونجان لە نێوان سیاسەتی پەروەردەیی و سیاسەتی وەبەرهێنان لە وڵاتدا هەیە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە حکومەت سیاسەتی وەبەرهێنان و پەروەردە دەکێشێت، وەک عێراق.

8- بوونی زیادە خوێندنی باڵا لە هەندێک پسپۆڕیدا و کورتهێنان لە پسپۆڕییەکانی تردا، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ نەگونجاویی نێوان سیاسەتەکانی وەبەرهێنان و پەروەردە لە وڵاتدا.

9- داواکاری بۆ پسپۆڕییەکانی وەک پسپۆڕی پزیشکی و پەروەردەیی، لەلایەن دەرچووانی خوێندنی ناوەندییەوە، بۆ بەرزیی ڕێژەی دروستبوونی سەرمایە لەو کەرتانەدا بە بەراورد بە کەرتەکانی دیکە دەگەڕێتەوە.

10- ڕەنگە نەبوونی وەبەرهێنان لە کەرتە تایبەتەکاندا هۆکارێک بێت بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی ناونوسین لە پسپۆڕییە زانستییەکانی پەیوەست بەو کەرتە، هەروەک چۆن لە کەرتی کشتوکاڵ و پسپۆڕییە زانستییە کشتوکاڵییەکان لە عێراقدا هەیە.

11- قۆرخکاریی دەوڵەت بەسەر هەندێک کەرتی بەرهەمهێناندا تەنها لە پێکهێنانی سەرمایەی ماددیدا سنووردار نییە، بەڵکو قۆرخکاریی پێکهێنانی سەرمایەی مرۆییش دەگرێتەوە، وەک ئەوەی لە کەرتی نەوتی خاو لە عێراقدا هەیە.

## ڕاسپاردە و پێشنیارەکان:

1- وەزارەتی پلاندانانی عێراق دەبێت گونجان و هاوئاهەنگی لەنێوان پلانەکانی وەرگرتنی خوێندکار لە کۆلێژە حکومییەکان و پلانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی بە شێوەیەک بەدەستبهێنێت کە گەرەنتی وەبەرهێنانێکی کارا لە سەرمایەی ماددی و مرۆیی لە وڵاتدا بکات.

2- بە لەبەرچاوگرتنی هەلی وەبەرهێنان لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق لە داڕشتنی سیاسەتی پەروەردە، بۆ نمونە کارکردن بۆ کردنەوەی کۆلێژی کشتوکاڵ لەو ناوچانەی کە هەلی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی تێدایە، و ئەمەش هەموو ناوچە گوندنشینەکانی پارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە، یان کردنەوەی کۆلێژی ئەندازیاریی نەوت لەو پارێزگایانەی کە کێڵگەی نەوتیان هەیە.

3- لەبەرچاوگرتنی هەلی وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی بۆ تاکەکانی داواکاری خوێندنی باڵا و ڕازی نەبوون بە مامناوەندی وەک پێوەرێک بۆ وەرگرتن لە کۆلێژەکان، وەک چۆن دەکرێت ئیمتیاز بدرێت بە وەرگرتنی خوێندکار لە بنەماڵە کشتوکاڵییەکان بۆ وەرگرتن لە کۆلێژەکانی کشتوکاڵ، یان ئیمتیازدان بەو خوێندکارانەی کە ئەزموونی پراکتیکییان لە بوارێکی دیاریکراودا هەیە بۆ وەرگرتن لە کۆلێژەکانی پەیوەست بە ئەزموونی پراکتیکیی خۆیان.

4- پاڵپشتیکردنی خوێندکارانی دەرچووی بەشە زانستییەکان بۆ کارکردن لەو بوارانەی کە لەگەڵ پسپۆڕییە زانستییەکانیاندا بگونجێت، هەروەها دابینکردنی ئاسانکاری ماددی و دارایی و ڕاهێنان بۆ کارکردن لە دامەزراوەکانی ناو کەرتی حکومی یان تایبەت، یان کردنەوەی پڕۆژەی نوێ بۆ وەبەرهێنانی دەرچووانی نوێ لە چوارچێوەی بوارەکاندا لەگەڵ پسپۆڕییە زانستییەکانیان بگونجێت.

5- هاندانی هەلی وەبەرهێنان بۆ ئەو پڕۆژانەی کە زۆرترین ژمارەی دەرچووانی خوێندنی زانکۆی دامەزراندووە لەو بوارانەی کە لەگەڵ پسپۆڕییە زانستییەکانیاندا بگونجێت، هەروەها دابینکردنی پاڵپشتیی دارایی و خزمەتگوزاری بۆیان.



EAST GATE
ECONOMIC RESEARCH
& MARKET STUDIES

دەرگای ڕۆژهەڵات
بۆ توێژینەوەی ئابووری
و لێکۆڵینەوەی بازاڕ



www.egciraq.org
@egciraq
+964 771 878 5050
info@egciraq.org